پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی مەغریب وعیشای کۆکردەوە (نوێژی جەمعی کرد)، هەر نوێژێکیان قامەتێکی تایبەتی هەبوو، ولە نێوانیاندا ولە پاشیان هیچ نوێژێکی سونەتی نەکرد

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی مەغریب وعیشای کۆکردەوە (نوێژی جەمعی کرد)، هەر نوێژێکیان قامەتێکی تایبەتی هەبوو (واتا دوو قامەت ئەنجامدرا)، ولە نێوانیاندا ولە پاشیان هیچ نوێژێکی سونەتی نەکرد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێک لە ڕۆژی عەرەفەدا خۆر ئاوا بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەرەو (موزدەلیفە) چوو، لەوێ نوێژی مەغریب وعیشای کۆکردەوە (نوێژی جەمعی کرد) بە پاشخستن (واتا لە کاتی نوێژی عیشادا جەمعەکەی ئەنجامدا)، هەر نوێژێکیان قامەتێکی تایبەتی هەبوو (واتا دوو قامەت ئەنجامدرا)، ولە نێوانیاندا ولە پاشیان هیچ نوێژێکی سونەتی نەکرد، ئەمیش بۆ جێبەجێکردنی مەبەست لە جەمعکردنی نوێژەکان، و بۆئەوەی خۆی وهاوەڵان پشوو وەربگرن، وئامادە بن بۆ دروشمەکانی تر.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/7187